ڕێکەوتننامەی

لەناوبردنی هەموو جۆرە
جوداکارییەك لە دژی
ئافرەتان

وەر ێڕانی لە ئینگلیزییەوە

د. ناصح قەرەداخی

ڕێکەوتننامەی
لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەك
لە دژی ئافرەتان

پەسەند کراوی کۆمەڵەی
شتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

١٩٧٩/١٢/١٨

د. ناصح قەرەداخی
لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

رێکەوتننامەی
لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەك لە دژی ئافرەتان (سیداو)

پەسەندکراوی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

١٩٧٩/١٢/١٨

پاش چەندەها ساڵ هەوڵ و کۆششی نێو نەتەوەیی بۆ پاراستن و برەودان بە مافەکانی ئافرەتانی جیهان بەدەسپێشخەریی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بارودۆخی ئافرەتان کە خۆی لە ساڵی ١٩٤٧ دا دامەزراوە ، بیست ساڵ لەمەو بەر لە بەرواری ١٩٧٩/١٢/١٨ دا کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکەوتننامەیەکی گرنگی پەسەند کرد کە تایبەت بوو بە مافی ئافرەت، ئەویش (***رێکەوتننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەك لە دژی ئافرەتان***) بوو کە سەردێڕی ناوە ئینگلیزی یەکەی دەبێ بە (سیداو– CEDAW) و زیاتر بەو ناوەوە دەناسرێ.

لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩–١٩٥٩ دا ئەم کۆمیسیۆنە چەند رێکەوتنێکی ئامادە کرد لەوانەش ***رێکەوتننامەی مافە سیاسی***

یەکانی ئافرەتان و ***رێکەوتننامەی رەگەزنامەی ئافرەتی شووکردوو.*** ساڵی ١٩٦٧یش ***جارنامەی لەناوبردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان*** بڵاوکرایەوە. هەرچەندە ئەم جارنامەیە کاریگەری ئەخلاقی و سیاسی هەبوو لەسەر وڵاتەکان بەڵام وەك رێکەوتننامە, وڵاتەکانی ناچارنەدەکرد بۆ پەیرەوی کردن. لەبەرئەوە کۆمیسیۆن کەوتە هەوڵی ئەوەی رێکەوتننامەیەك ئامادە بکات ئیلزامی هەبێ و سەرەنجام ***رێکەوتننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکار یەك لە دژی ئافرەتان*** خرایە بەردەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ١٩٧٩/١٢/١٨ دا پەسەند کردا. رۆژی ١٩٨١/٩/٣، سی رۆژ پاش ئەوەی بیستەمین وڵات رێکەوتننامەکەی پەسەند کرد، رێکەوتننامەکە چووە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە و هەوڵی یاسایی کردنی مافەکانی ئافرەتان بەرجەستە بوو.

ئەوەی خوارەوە دەقی تەواوی رێکەوتننامەکەیە.

ڕێکەوتننامەی
لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەك لە دژی ئافرەتان

لەکاتێکدا کە وڵاتە لایەنەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە،

بەئاگان لەوەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر بڕوابوون بە مافە بنچینەیی یەکانی مرۆڤ و کەرامەت و نرخی هەموو تاکێکی مرۆڤ و یەکسانیی مافی پیاو و ئافرەت دەکاتەوە،

بەئاگان لەوەی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر بنەمای قبووڵ نەکردنی جوداکاری دەکاتەوە و جاڕی ئەوە دەدا کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی ویەکسانیی ماف و کەرامەت لەدایك دەبن و هەموو ماف و ئازادی یەکانی ڕێکەوتننامەکە هەموو کەسێك دەگرێتەوە، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەك، بە جیاوازی لەسەر بنچینەی سێکسیشەوە،

بەئاگان لەوەی کەوا ئەو وڵاتانەی ڕێکەوتننامە نێوەنەوتەوەیی یەکانی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤیان ئیمزا کردووە پێویستە مافی یەکسان بۆ پیاو و ئافرەت دابین بکەن بۆ بەرخورداربوون لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مەدەنی و سیاسی یەکان،

ئەوەیان لەبەرچاوە کە ئەو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەیی یانەی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو ئاژانسە تایبەتمەندامەدا هاتوونەتە کایەوە برەو بە یەکسانیی مافەکانی پیاوان و ئافرەتان دەدەن،

بەمەراقن لەوەی کە لەگەڵ ئەو هەموو میکانیزمانەشدا ، هێشتا جیاوازی کردنێکی زۆر لە دژی ئافرەتان بەردەوامە،

ئەوەشیان لەیادە کە جوداکاری دژی ئافرەتان پێشێل کردنی بنەمای یەکسانی یە لە ماف و کەرامەتی مرۆڤدا و کۆسپێکە لە ڕێی بەشداری کردنی ئافرەتاندا بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی وڵاتەکانیاندا، هەروەها ڕێ لەگەشەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا و خێزان دەگرێ و ناهێڵێ ئافرەتان هەموو تواناکانیان بخەنە کار بۆ خزمەتی وڵات و مرۆڤایەتی،

بەمەراقن لەوەی لە بارودۆخی هەژاریدا ئافرەتان کەمترین ڕێژەی خواردن و خزمەتی تەندروستی و خوێندن و ڕاهێنان و بواری کارکردنیان بۆ دەرەخسێ،

دڵنیان لەوەی دامەزرانی سیستەمی ئابووری نوێی جیهانی لەسەر بناغەی یەکسانی و دادپەروەری بەشێوەیەکی بەرچاو هاوبەشی دەکا لە برەودان بە یەکسانی لەنێوان پیاوو ئافرەتدا،

جەخت *لەسەر ئەوە دەکەنەوە* کە لەناوبردنی ئەپارتاید و هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و کۆلونیالیزم و نیۆکۆلۆنیالیزم و پەلامار و

داگیرکردنی وڵاتان و باڵادەستی و دەست وەردانە ناو کاروباری وڵاتانی تر، هەموو پێویستن بۆ بەرخورداربوونی تەواو پیاو و ئافرەت لە مافەکانیان،

پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن کە پتەوکردنی ئاسایش و ئاشتی نێونەتەوەیی، خاو بوونەوەی گرژیی نێونەتەوەیی، هاوکاریی بەرامبەری نێوان وڵاتەکان بەبێ گوێدانە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی، چەك داماڵینی گشتی و تەواو، بەتایبەتیش چەك داماڵینی ناوکی لەژێر کۆنترۆلی مەحکەمی نێونەتەوەیی دا، دووپات کردنەوەی بنەماکانی دادپەروەری، یەکسانی و سوودمەندیی دوولایەنی لە پەیوەندی یەکانی نێوان دەوڵەتەکاندا و بەدی هاتنی ماف میللەتانی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی و داگیرکراو بۆ چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی، هەروەها رێزگرتن لە سەروەریی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاك، ئەمانە هەموو برەو بە پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەدەن و دەرەنجامەکەشیان بەشداری دەکا لە یەکسانیی تەواوی نێوان پیاو و ئافرەتدا،

دڵنیان لەوەی پەرەسەندنی چرووپڕی هەر وڵاتێك و خۆشگوزەرانیی جیهانی و مەسەلەی ئاشتی پێویستیان بەوپەڕی بەشداریی کردنی ئافرەتان هەیە بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاودا لەهەموو بوارەکاندا،

ئەوەشیان لەخەیاڵە کەوا بەشداریی ئافرەت چەند مەزنە لە خۆشگوزەرانیی خێزان و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا و هێشتا وەکوو پێویست پێی نەزانراوە، گرنگیی کۆمەڵایەتی دایکایەتی و رۆڵی هەردوو باوان لە خێزان و

پەروەردەکردنی منداڵدا چەندە، هەروەها بەئاگان لەوەی رۆڵی ئافرەت لە وەچەخستنەوەدا نابێ بکرێتە بنچینەی جوداکاری بەڵکوو پەروەدەکرنی منداڵ بەرپرسیارێتیی هاوبەشی نێوان پیاوو و ئافرەت و کۆمەڵگایە بەگشتی،

بەئاگان لەوەی گۆرانکاری لە رۆڵی تەقلیدیی پیاو و هەروەها رۆڵی ئافرەتیش لە ناو کۆمەڵگا و خێزاندا پێویستن بۆ ئەوەی یەکسانیی تەواو لەنێوان پیاو و ئافرەتدا بەدی بێت،

لێبڕاون بۆ ئەوەی ئەوبنەمایانە جێبەجێ بکەن کەوا لە جاڕنامەی لەناوبردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان دا هاتوون، وە بۆ ئەو مەبەستەش رێو شوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ نەهێشتنی ئەو جۆرە جوداکاری یانە بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە،

بۆیە لەسەر ئەمەی خوارەوە رێکەوتوون:

بەشی یەکەم

بەندی ١

بەمەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە، واژەی " جوداکاری لە دژی ئافرەتان" بە مانای هەرجۆرە جیاکردنەوە و بەدەرکردن و سنووردارکردنێکە لەسەر بناغەی سێکس کە بۆ مەبەستی یان دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە، یان پووچ کردنەوەی دان پیانان و بەرخورداربوون و پیادەکردنی ئافرەت، شووی کردبێ یان نا وە لەسەر بنچینەی یەکسانیی لەگەل پیاودا، بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادی یە بنچینەیی یەکان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مەدەنی و هەر بوارێکی تردا.

بەندی ٢

وڵاتە لایەنەکان جوداکاری لە دژی ئافرەتان بە هەموو جۆرەکانیەوە مەحکووم دەکەن و ڕازین بەوەی بێ دواکەوتن هەموو شێوازێکی لەبار بەکاربێنن بۆ گرتنەبەری سیاسەتێك بۆ لەناوبردنی جوداکاری لە دژی ئافرەتان و ، بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم کارانە ئەنجام دەدەن:

أ. بەرجەستەکردنی بنەمای یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت لە یاسای نیشتمانی یان هەر یاسایەکی تری گونجاودا ئەگەر تا ئێستا بەرجەستە نەکرابێ، وە دڵنیا بوون لەوەی ئەم بنەمایە لە ڕێگەی یاسا یان

هەر ڕێگەیەکی تری لەبارەوە بەشێوەیەکی واقیعی پراکتیزە دەکرێ"

ب. گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی یان هی تر، بە سزاشەوە ئەگەر لەبار بوو، بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکاری یەك لە دژی ئافرەتان"

ت. دامەزراندنی پاراستنی یاسایی بۆ مافەکانی ئافرەت لەسەر بنچینەی یەکسانی لەگەڵ پیاودا و دڵنیابوون لە پاراستنی واقیعیی ئافرەتان لەهەموو جۆرە جوداکاری یەك لەڕێگەی دادگای میللی بەتواناو دامەزراوەی گشتیی ترەوە"

پ. خۆبەدوورگرتن لە هەر جۆرەکار و کردارێکی جوداکاری لەدژی ئافرەتان و دڵنیابوون لەوەی دەستەڵات و دامەزراوە گشتی یەکان بەپێی ئەم ئیلزامە دەجووڵێنەوە"

ج. گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنیکی گونجاو بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکاری یەك لە دژی ئافرەتان لەلایەن هەر کەس و ڕێکخراوو دەزگایەکەوە"

ح. گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو، بە یاسادانانیشەوە، بۆ گۆڕین یان پووچ کردنەوەی هەر یاسا و ڕێساو عادەت و کردەوەیەکی مەوجوود کە جوداکاری لە دژی ئافرەتان دەگەیەنێ"

خ. چاکردنی هەموو ئەو بڕگانەی یاسای سزادانی نیشتمانی کە جوداکاری لەدژی ئافرەتان دەگەیەنن.

بەندی ٣

ولآتە لایەنەکان لەهەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە بورای سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری و رۆشنبیری دا، هەموو رێوشوێنێکی لەبار ، بەیاسا دانانیشەوە، دەگرنە بەر، بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی تەواوی ئافرەتان، بە مەبەستی زامن کردنی بەرخورداربوون و پیادەکردنیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادی یە بنچینەیی یەکان لەسەر بناغەی یەکسانیی لەگەڵ پیاودا.

بەندی ٤

١. گرتنەبەری هەندی رێوشوێنی تایبەتیی کاتی لەلایەن ولآتە لایەنەکانەوە بەمەبەستی بەگوڕخستنی یەکسانیی مەوجودی نێوان پیاوو ئافرەت بە جوداکاری لەقەڵەم نادرێ بەپێی ئەو پێناسەیەی لەم رێکەوتننامەیەدا بۆی کراوە، بەلآم ناشبێ بەهیچ جۆرێ ببێتە هۆی هێشتنەوەی ستانداردی نابەرابەرو جیاواز" ئەم رێوشوێنانە ئەبێ وازیان لێ بهێنرێ کاتێ ئامانجەکانی یەکسانی و دەرفەت و مامەڵە بەدی دێن.

٢. گرتنەبەری هەندی رێوشوێنی تایبەتی لەلایەن ولآتە لایەنەکانەوە، بەو رێوشوێنانەشەوە کە لەم رێکەوتننامەیەدا هاتوون بەمەبەستی پاراستنی دایکایەتی، بە جوداکاری لەقەڵەم نادرێن.

بەندی ٥

ولآتە لایەنەکان هەموو رێوشوێنێکی لەبار دەگرنە بەر:

أ. بۆ گۆرینی هەندێ شێوازی رەفتاری کۆمەلآیەتی و کلتووری لای پیاوان و ئافرەتان، بەهیوای بەدەست هێنانی لەناوبردنی ئەو پێشباوەڕو عادەت و کردەوانەی لەسەر بناغەی بیرۆکەی کەمترایەتی یان باشترایەتی هەرکام لە سێکسەکان یان لەسەر رۆڵی لەگۆران نەهاتووی ئافرەتان و پیاوان دارژراون"

ب. دڵنیابوون لەوەی پەروەردەی خێزانی تێگەیشتنێکی گونجاوی دایکاتی دەگرێتەوە وەك فرمانێکی کۆمەلآیەتی و پێزانینی ئەوەش دەگرێتەوە کە پەروەردەکرن و گەشەکردنی منداڵ رۆڵی هاوبەشی پیاو و ئافرەتە، ئەوەش لەیاد نەچێ کە لە هەموو حاڵەتێکدا بەرژەوەندی منداڵەکان لە پێش هەموو شتێکەوە حسابی بۆ دەکرێ.

بەندی ٦

ولاّتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار، بە یاسا دانانیشەوە، دەگرنە بەر بۆ سەرکوت کردنی ئیستیغلال کردنی لەش فرۆشیی ئافرەتان و هەموو جۆرە بازرگانی کردنێك بە ئافرەتەوە.

بەشی دووەم

بەندی ٧

ولاّتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنەبەر بۆ لەناوبردنی جوداکاری لە دژی ئافرەتان لە ژیانی سیاسی و گشتیی ولاتدا و ، بەتایبەتیش، دڵنیا دەبن لە دابین کردنی ئەم مافانە بۆ ئافرەتان، یەکسان وەك پیاوان:

أ. دەنگدان لەهەموو هەڵبژاردنێك و ریفراندۆمێکی گشتیدا و دەرفەتی خۆهەڵبژاردن بۆ هەموو ئەو دەزگایانەی بەگشتی هەڵ دەبژێردرێن“

ب. بەشداری کردن لە دانان و ڕاپەڕاندنی سیاسەتی حکوومەتدا و بەشداری کردن لە دامەزراوە گشتی یەکاندا و ئەنجامدانی هەر کاروبارێکی گشتی لەهەموو ئاستەکانی حکوومەتدا“

ت. بەشداری کردن لەو ڕێکخراوە و کۆمەڵە ناحکوومەتی یانەدا کە پەیوەندی یان بە ژیانی گشتی و سیاسیی ولاّتەوە هەیە“

بەندی ٨

ولاّتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنەبەر بۆ ئەوەی دابینی ئەوەبکەن ئافرەتان بتوانن، یەکسان وەك پیاوان و بەبێ هیچ جوداکاری یەك، دەرفەتی ئەوەیان هەبێ نوێنەرایەتی حکوومەتەکانیان بکەن لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و بەشداری بکەن لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی یەکاندا.

بەندی ٩

١. ولاّتە لایەنەکان مافی یەکسان وەك پیاوان بە ئافرەتان دەدەن بۆ بەدەست هێنان و گۆڕین و هێشتنەوەی ڕەگەزنامەیان. وە بەتایبەتی دابینی ئەوە دەکەن کەوا لەکاتی بەهاوسەربووندا نە شووکردن بە کەسێکی نامۆ و نە گۆڕینی ڕەگەزنامە لەلایەن مێردەوە خود بەخود نابنە هۆی ئەوەی ڕەگەزنامەی ژنەکە بگۆڕێ یان بێ ڕەگەزنامەی بکات یان ناچاری بکات ڕەگەزنامەی مێردەکەی وەربگرێ.

٢. ولاّتە لایەنەکان مافی یەکسان وەك پیاوان بۆ ئافرەتان دابین دەکەن لەبورای ڕەگەزنامەی منداڵەکانیاندا.

بەشی سێیەم

بەندی ١٠

ولاّتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنیکی لەبار دەگرنە بەر بۆ بنەبڕ کردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان بەمەبەستی دابین کردنی ماف یەکسان وەك پیاو لەبورای خوێندن دا و بەتایبەتیش بۆ دابین کردنی ئەمانەی خوارەوە لەسەربناغەی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا:

أ. هەمان هەلومەرج بۆ کار و ڕێنمایی پیشەیی، بۆ بەرخورداربوون لە خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامە لە هەموو جۆرە دامەزراوە پەروەردەیی یەکاندا لە شارو لە گوند“ ئەم یەکسانی یەش دەبێ لە قۆناغی پێش قوتابخانەو گشتی و تەکنیکی و خوێننی بالاّی پیشەیی و تەکنیکی و هەموو جۆرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دا هەبێ“

ب. دەستەبەربوونی هەمان مەنهەج و ئەزموون و فێرکاری خاوەنی هەمان ئاستی بڕوانامە و قوتابخانە و کەلوپەلی هەمان ئاست“

ت. لەناوبردنی هەموو جۆرە چەمکێکی دۆگماتیکی دەربارەی ڕۆڵی پیاوو ئافرەت لە هەموو ئاستەکان و شێوەکانی خوێندن دا بە هاندانی خوێندنی هاوبەش

و هەر جۆرە خوێندنێکی تر کە یارمەتی ئەم ئامانجە بدات، بەتایبەتی بە پێداچوونەوەی کتێبەکان و بەرنامەکانی قوتابخانە و گونجاندنی شێوازەکانی فێرکردن“

پ. هەمان دەرفەت بۆ کەڵك وەرگرتن لە زەمالە و شێوازەکانی تری کۆمەکی خوێندن“

ج. هەمان دەرفەت بۆ بەرخورداربوون لە بەرنامەکانی درێژەدان بە خوێندن وەك بەرنامەکانی خوێندەوارکردنی گەورەکان ، بەتایبەتیش ئەوانەی بەمەبەستی کەم کردنەوەی هەرچی زووتری ئەو بۆشایی یەیە کە لە نیوان خوێندەواری پیاو و ئافرەتدا هەیە“

ح. کەم کردنەوەی ڕێژەی وازهێنانی قوتابییانی کچ لە خوێندن و بەگەڕخستنی بەرنامە بۆ ئەو کچ و ئافرەتانەی پێش وەخت وازیان لە قوتابخانە هێناوە“

خ. هەمان دەرفەت بۆ بەشداری کرنی چالاکانە لە وەرزش و پەروەردەی جەستەیی دا“

د. دەستەبەربوونی زانیاریی پەروەردەیی تایبەتی و یارمەتیدانی دابین کردنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ خێزان بە زانیاری و ئامۆژگاریشەوە دەربارەی ڕێکخستنی خێزان“

بەندی ١١

١. وڵاتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنە بەر بۆ بنەبڕ کردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان لە بواری دەمەزراندندا بە مەبەستی دابین کرنی هەمان ئەو مافانە، یەکسان وەك پیاو، بەتایبەتی:

أ. مافی کارکردن وەك مافێکی لە مرۆڤ دانەبراو"

ب. مافی هەمان دەرفەتی دامەزراندن، لەوانەش بەکارهێنانی هەمان مەرج و پێویستی لە هەڵبژاردندا بۆ دامەزراندن"

ت. مافی ئازادی هەڵبژاردنی کارو پیشە، مافی تەرفیع و ئاسایشی کاری و هەموو سوودمەندی و هەلومەرجەکانی خزمەت و مافی ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاهێنانی دووبارە"

پ. مافی پاداشت و قەرەبوو و مافی مامەڵەی یەکسان لە ئیشی یەکساندا و مافی یەکسانی لە هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی ئیش کردندا"

ج. مافی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەکاتی خانەنشینی و بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری و جۆرەکانی تری نەتوانینی کارکردندا، هەروەها مافی مۆلەتی بەمووچە"

ح. مافی پاراستنی تەندروستی و مافی سەلامەتی لە بارودۆخی کاردا، لەوانەش پاراستنی فرمانی وەچەخستنەوە.

٢. بەمەبەستی ڕێنەدان بە جوداکاری لەدژی ئافرەتان لەسەر بناغەی شووکردن یان دایکایەتی و بەمەبەستی دابین کردنی مافی کارکردنیان، وڵاتە لایەنەکان ڕێوشوێنی لەبار دەگرنەبەر بۆ:

أ. قەدەغەکردنی، کە بۆی هەیە سەپاندنی سزاشی لەگەڵدا بێ، لەسەرکار دەرکرنی ئافرەت بە بیانووی مۆڵەتی دووگیانی و دایکایەتی یەوە ، هەروەها قەدەغەکردنی جوداکاری لە دەرکردندا لەسەر بناغەی باری هاوسەرداری"

ب. هێنانەکایەی مۆڵەتی دایکایەتی بەمووچەوە یان لەگەڵ سوودی کۆمەڵایەتیی قابیلی بەراوردا بەبێئەوەی ببێتە هۆی لەدەست دانی کار و پلەو دەرماڵە کۆمەڵایەتییەکانی پێشووی"

ت. هاندانی دابین کردنی ئەو خزمەتگوزاری یە کۆمەکی یە کۆمەڵایەتی یانەی وا لە باوان دەکەن بتوانن ئەرکەکانی خێزانییان لەگەڵ بەرپرسیارێتیی کاری و بەشداری کردنی ژیانی گشتی دا گرێ بدەن،

بەتایبەتیش بە برەودان بە دامەزراندن و پەرەپێدانی تۆڕێك دامەزراوەی بایەخدان بە منداڵ“

پ. دەستەبەرکرنی پاراستنی تایبەتی بۆ ئافرەت لە کاتی دووگیانیدا لەو کارانەی کە دەرکەوتووە زیانیان بۆی هەیە.

٣. ئەو یاسایانەی پارێزەری ئەو مەسەلانەن کە لەم بەندەدا هاتوون پێویستە ناوبەناو لە بەر رۆشنایی زانیاری زانستی و تەکنۆلۆجیدا چاویان پێدا بخشێنریتەوەو بەپێی پێویست دەسکاری بکرێن ، لابرێن یان فراوان بکرێن.

بەندی ١٢

١. ولآتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنە بەر بۆ لەناوبردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان لە بواری بایەخی تەندروستی دا بە مەبەستی دابین کردنی، لەسەر بناغەی یەکسانیی پیاوو ئافرەت، بەرخورداربوون لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، لەوانەش ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕێکخستنی خێزانەوە هەیە.

٢. لەگەڵ مەبەستەکانی برگەی یەکی ئەم بەندەشدا، ولآتە لایەنەکان خزمەتگوزاری گونجاو بۆ ئافرەتان دابین دەکەن لە بواری دووگیانی و منداڵبوون و زەیستانیدا، بە بەخشینی

خزمەتگوزاری خۆرایی بەپێی پێویست، شان بەشانی خۆراکی گونجاو لەماوەی دووگیانی و شیرداندا.

بەندی ١٣

ولآتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنە بەر بۆ لەناوبردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان لە بوارەکانی تری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەمەبەستی دابین کردنی، لەسەر بناغەی یەکسانیی پیاوو ئافرەت، هەمان ماف بەتایبەتی:

أ. مافی سوودمەندی یەکانی خێزان“

ب. مافی قەرزی بانکی و سلفەو و جۆرەکانی تری پشتگیریی دارایی“

ت. مافی بەشداری کردن لە چالاکیی یەکانی سەرگەرمی و وەرزش و هەموو لایەنەکانی تری ژیانی رۆشنبیری.

بەندی ١٤

١. ولآتە لایەنەکان ئەو گیروگرفتە تایبەتی یانە لەبەرچاو دەگرن کە ئافرەتانی گوند ڕووبەڕوویان دەبنەوە هەروەها ئەو ڕۆڵە گرنگەش کە ئافرەتی گوند لە مانەوەی ئابووری خێزانەکانیاندا دەیبینن، لەوانەش کارکردنیان لەو کەرتانەی ئابووریدا کە پارەی تێدا نیە، وە ڕێوشوێنی لەبار دەگرنەبەر

بۆ دابین کردنی جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ڕێکەوتننامەکە بەسەر ئافرەتی گونددا.

٢. وڵاتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنە بەر بۆ لەناوبردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتانی ناوچە گوندییەکان بەمەبەستی دابین کردنی، لەسەر بناغەی یەکسانیی پیاوو ئافرەت، بەشداری کردن و کەڵك وەرگرتنیان لە پەرەسەندنی گوندەکاندا، بەتایبەتیش ئەم مافانەی خوارەوە بۆ ئەو ئافرەتانە دابین دەکەن:

أ. بەشداری کردن لە نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی پلانەکانی پەرەپێداندا لەسەر هەموو ئاستەکان“

ب. دەستەبەربوونی دامەزراوەکانی بایەخی تەندروستیی لەبار، لەوانەش زانیاری و ڕاوێژکاری و خزمەتگوزاریی ڕێکخستنی خێزان“

ت. کەڵك وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە بەرنامەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی“

پ. بەدەست هێنانی هەموو جۆرە خوێندن و ڕاهێنانێك، ڕەسمی یان نارەسمی، لەوانەش ئەوەی کە پەیوەندی بە خوێندەوراییی بەسوودەوە هەیە، وە لەگەڵ ئەوانەشدا کەڵك وەرگرتن لەهەموو خزمەتگوزاری یە کۆمەڵگایی و کۆمەکی یەکان بە

مەبەستی پەرەدان بە لێهاتوویی یە تەکنیکی یەکانیان“

ج. ڕێکخستنی هەرەوەزی و گرووپی کۆمەك بە خۆ کردن بەمەبەستی بەرخورداربوون لە دەست پێگەیشتنی یەکسان بە دەرفەتە ئابووری یەکان لەڕێگەی دامەزراندن و خۆدامەزراندنەوە“

ح. بەشداری کردن لەهەموو چالاکی یەکانی کۆمەڵگادا“

خ. دەست گەیشتن بە قەرز و سلفەی کشتوکاڵی و ئیمکاناتی بازار و تەکنۆلۆجی گونجاوو مامەڵەی یەکسان لە بواری ریفۆرمی زەوی و کشتوکاڵ و نەخشەکانی دابەشکردنەوەی زەویدا“

د. بەرخورداربوون لە بارودۆخێکی گونجاوی ژیان بەتایبەتی لەبواری خانووبەرەوەو پاکوخاوێنی و کارەبا و دابین کردنی ئاو و گواستنەوە و گەیاندندا.

بەشی چوارەم

بەندی ١٥

١. وڵاتە لایەنەکان بەیەکسانیی ئافرەت لەگەڵ پیاودا لەبەردەم یاسادا قایلن.

٢. وڵاتە لایەنەکان قایلن بەوەی ئافرەت، لە مەسەلە مەدەنی یەکاندا، توانایەکی یاسایی کتومت وەك پیاوی هەیە و هەمان دەرفەتیشی هەیە بۆ نیشاندانی ئەو توانایە. بەتایبەتی دەبێ مافی یەکسان بە ئافرەت بدەن بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەو و بەڕێوەبردنی موڵك و، لەهەموو قۆناغەکانی پرۆسەی دادگاو قەزادا بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

٣. وڵاتە لایەنەکان بەوە ڕازین کە هەموو ئەو ڕێکەوتننامەو میکانیزمە تایبەتییانەی تر لە هەرجۆرێك بن، کە کاریگەریی یاسایی یان هەیە و توانای یاسایی ئافرەت سنووردار دەکەن پێویستە بە پووچ و نەبوو دابنرێن.

٤. وڵاتە لایەنەکان هەمان ماف بۆ پیاوو ئافرەت قایلن لەرووی ئەو یاسایانەوە کە پەیوەندی یان بە هاتوچۆی مرۆڤەوە هەیە و مافی ئەوەش کە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و ماڵ کردندا.

بەندی ١٦

١. وڵاتە لایەنەکان هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار دەگرنە بەر بۆ لەناوبردنی جوداکاری لەدژی ئافرەتان لە هەموو ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە هاوسەرداری و پەیوەندی خێزانییەوە هەیە بەتایبەتیش لەسەر بناغەی یەکسانی لەگەڵ پیاودا، ئەمانەی خوارەوە دابین دەکەن:

أ. هەمان ماف بۆ هاوسەردار بوون"

ب. هەمان ماف بۆ ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر و چوونە ناو هاوسەرداری یەوە تەنیا بە ویست و ڕەزامەندی ئازادی خۆیان"

ت. هەمان ماف و بەرپرسیارێتی لە ماوەی هاوسەرداری و لەکاتی هەڵوەشانەوەیدا"

پ. هەمان ماف و بەرپرسیارێتی وەك باوان، بێگوێدانە باری هاوسەرداری، لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندی یان بە منداڵەکانیانەوە هەیە" لەهەموو حاڵەتێکدا بەرژەوەندی منداڵەکان لەریزی پێشەوە حسابی بۆ دەکرێ"

ج. هەمان ماف بۆ بڕیاردانی ئازادو بەرپرسیارانەی ژمارەو ماوەی نێوانی منداڵەکانیان و دەستەبەرکردنی زانیاری و پەروەردەو هۆکاری پێویست بۆیان تا بتوانن ئەم مافانە پیادە بکەن"

ح. هەمان ماف و بەرپرسیارێتی لەرووی ئەمانەتداری و ویصایە و وەلی ئەمری و گرتنەخۆی منداڵ و هەر بابەتێكی ترەوە كە ئەم جۆرە چەمكە لە یاسای ولاتدا دەیگرێتەوە، لەهەموو حاڵەتێكدا بەرژەوەندی منداڵەكان لەریزی پێشەوە حسابی بۆ دەكرێ"

خ. هەمان مافی شەخسیی وەك ژن و مێرد، لەوانەش مافی هەڵبژاردنی ناوی خێزانی و كارو پیشە"

د. هەمان ماف بۆ هەردوو هاوسەر لەرووی خاوەندارێتی و بەدەست هێنان و بەرێوەبردن و ئیدارە كردن وبەرخورداربوون و لەدەست دانی موڵكەوە، چ بێ حساب بێ چ بە نرخێكی بەرچاو بێ.

٢. بەدەزگیران بوون و بەشوودانی منداڵ هیچ كاریگەری یەكی یاسایی نابێ و پێویستە هەمووكارێكی پێویست ئەنجام بدرێ، بە یاسادانانیشەوە، بۆ دیاریكردنی كەمترین تەمەنی هاوسەرداربوون و ناچاری كردنی تۆماركردنی هاوسەرداربوون لە تۆمارگەیەكی رەسمیدا.

بەشی پێنجەم

بەندی ١٧

١. بەمەبەستی بەدواداچوونی پێشكەوتن لە جێبەجێكردنی ئەم رێكەوتننامەیەدا دەبێ **كۆمیتەی لەناوبردنی جوداكاری لەدژی ئافرەتان** دابمەزرێ(كە لەمەودوا بە كۆمیتەكە ناو دەبرێ) و پێكهاتبێ لە ١٨ پسپۆری بەتواناو لێهاتوو لە و بوارانەدا كە رێكەوتننامەكە باسیان دەكا، كاتێ كە رێكەوتننامەكە دەچێتە قۆناغی جێبەجێكردنەوە، وە لە ٢٣ پسپۆر پاش ئەوەی سی و پێنجەمین ولات رێكەوتننامەكە پەسەند دەكات. پسپۆرەكان لەلایەن ولاتەكانەوە لە هاوولاتی یانی خۆیان هەڵدەبژێردرێن و بە توانای شەخسیی خۆیانەوە كار دەكەن، دابەش كردنی یەكسانی ناوچە جوگرافی یەكان و نوێنەرایەتی شارستانییەت و سیستەمە یاسایی یە سەرەكی یەكانیش لەبەرچاو دەگیرێ.

٢. ئەندامانی كۆمیتەكە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن لە لیستێكەوە كە لەلایەن ولاتە لایەنەكانەوە پێشنیار دەكرێ. هەر ولاتێكی لایەن بۆی هەیە ناوی یەك كەس لە هاوولاتی یەكانی پێشنیار بكا.

٣. یەكەمین هەڵبژاردن شەش مانگ پاش ئەوە ئەنجام دەدرێ كە رێكەوتننامەكە دەچێتە قۆناغی جێبەجێكردنەوە. لانی

کەم سێ مانگ پێش بەرواری هەرهەڵبژاردنێك، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە بە نامە وڵاتە لایەنەکان ئاگادار بکاتەوە تا لە ماوەی دوو مانگدا ناوزەدی خۆیان پێشنیار بکەن. سکرتێری گشتی پاشان لیستێکی ڕێکخراو بە پێی ئەلفبا لە ناوە پێشنیار کراوەکان ئامادە دەکا لەگەڵ نیشاندانی ناوی وڵاتەکانیاندا و دەیخاتە بەردەم وڵاتە لایەنەکان.

٤. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەکە لە کۆبوونەوەیەکی وڵاتە لایەنەکاندا دەبێ کە سکرتێری گشتی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکی دەخات. لەم کۆبوونەیەدا کە پێویستە لانی کەم دوو سێیەکی وڵاتە لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن، ئەو ناوزەدانەی زیاترین دەنگ دەهێنن و زۆرینەی رەهای دەنگی نوێنەرانی ئامادەی وڵاتە لایەنەکان لە دەنگ داندا بەدەست دێنن، هەڵ دەبژێردرێن.

٥. ئەندامەکانی کۆمیتەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن. بەهەرحاڵ ماوەی ٩ لە ئەندامانی یەکەم هەڵبژاردن تەنیا دوو ساڵ دەبێ: ناوی ئەم نۆ ئەندامە یەکسەر دوای هەڵبژاردنەکە بە قورعە لەلایەن سەرۆکی کۆمیتەکەوە دیاری دەکرێت.

٦. هەڵبژاردنی ٥ ئەندامەکەی تری کۆمیتەکە بەپێی برگەکانی ٢،٣ و ٤ ی ئەم بەندە دەبێ پاش پەسەندکردن یان بەئەندام بوون لەلایەن سی و یەکەمین وڵاتەوە. ماوەی دوو

لەم پێنج ئەندامە تەنیا بۆ دوو ساڵ دەبێ و ناوەکانیان بە قورعە لەلایەن سەرۆکی کۆمیتەکەوە دیاری دەکرێن.

٧. بۆ پرکردنەوەی ئەو جێگەیانەی کە رەنگە بەهەر هۆیەك چۆڵ ببن، ئەو وڵاتە لایەنەی کە پسپۆرەکەی وازی لەکار هێناوە وەك ئەندامی کۆمیتەکە، دەتوانێ ناوی هاووڵاتی یەکی تری پێشنیار بکات، کە ئەمەش پێویستی بە پەسەندکردنی کۆمیتەکە هەیە.

٨. ئەندامانی کۆمیتەکە ، بەرەزامەندی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەك وەردەگرن بەپێی ئەو مەرج و شێوازەی کۆمەڵەی گشتی بریاری لەسەر دەدات، بەلەبەرچاوگرتنی گرنگیی بەرپرسیارێتیی کۆمیتەکە.

٩. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمکانات و کارمەندی پێویست دابین دەکات بۆ راپەراندنی کاریگەرانەی کارەکانی کۆمیتەکە لەبەر رۆشنایی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا.

بەندی ١٨

١. وڵاتە لایەنەکان رازین بەوەی راپۆرتێك بخەنە بەردەستی سکرتێری گشتی بۆ بەرچاوی کۆمیتەکە، دەربارەی ئەو ڕێوشوێنە یاسایی و قەزایی و ئیدارییە و هی ترانەی کە گرتوویانەتە بەر بەمەبەستی کاریگەر کردنی بەندو برگەکانی

ئەم رێکەوتننامەیە و هەروەها دەربارەی ئەو پێشکەوتنانەی لەم رووەوە بەدەست هاتووە:

أ. یەك ساڵ پاش ئەوەی رێکەوتننامەکە بە نیسبەت ئەو دەوڵەتەوە دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە" وە

ب. پاش ئەوەش لانی کەم هەر چوار ساڵ جارێك و هەر کاتێکیش کۆمیتەکە داوا بکات.

٢. لە راپۆرەتەکاندا دەکرێ ئەو هۆکار و ئاستەنگانە نیشان بدرێن کە کار لە رادەی بەدی هێنانی ئەو ئەرکانە دەکەن کە ئەم رێکەوتنامەیە داوایان دەکات.

بەندی ١٩

١. کۆمیتەکە خۆی رێسای کاری خۆی دادەنێ.

٢. کۆمیتەکە بەرپرسەکانی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵ دەبژێرێ.

بەندی ٢٠

١. کۆمیتەکە لەباری ئاساییدا ساڵانە دوو هەفتە زیاتر کۆنابێتەوەئەویش بۆ پێداچوونەوەی ئەو راپۆرتانەی بەپێ ی بەندی ١٨ی ئەم رێکەوتننامەیە پێشکەش کراون.

٢. لەباری ئاسایی دا کۆبوونەوەکانی کۆمیتەکە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان یان لەهەر شوێنێکی لەباری تر کە کۆمیتەکە بریاری دەدات، ئەنجام دەدرێن.

بەندی ٢١

١. کۆمیتەکە لەرێگەی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ساڵانە راپۆرت دەدا بە کۆمەڵەی گشتی دەربارەی چالاکی یەکانی و دەشتوانێ پێشنیارو ئامۆژگاری یە گشتی یەکانی خۆی بخاتە روو لەسەر بناغەی پشکنینی ئەو راپۆت و زانیارییانەی بەدەستی هێناوە کە لە وڵاتە لایەنەکانەوە پێ ی گەیشتووە. ئەم پێشنیارو ئامۆژگاری یە گشتی یانە دەبێ لە راپۆرتی کۆمیتەکەدا هەبن هاورێ لەگەڵ تێبینیی وڵاتە لایەنەکاندا، ئەگەر هەبن.

٢. سکرتێری گشتی راپۆرتەکانی کۆمیتەکە دەنێرێ بۆ کۆمیسیۆنی بارودۆخی ئافرەتان بۆ زانیاری.

بەندی ٢٢

ئاژانسە تایبەتمەندەکان بۆیان هەیە لەبواری تایبەتمەندێتی ئیشی خۆیاندا نوێنەرایەتی بکەن بۆ چاودێری کرنی جێبەجێکردنی بەندو برگەکانی ئەم رێکەوتننامەیە. کۆمیتەکە دەتوانێ داوا لەو ئاژانسە تایبەتمەندانە بکا راپۆرتی خۆیان

دەربارەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لەو بورانەدا کەپەیوەندییان بە ئیشی ئەوانەوە هەیە، پێشکەش بکەن.

بەشی شەشەم

بەندی ٢٣

هیچ شتێکی ئەم ڕێکەوتننامەیە نابێ کار لەو یاسایانە بکا کە لەمانە باشترن بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی پیاو و ئافرەت و ڕەنگە هەبن :

أ. لە یاسای وڵاتە لایەنەکەدا"

ب. لە هەر ڕێکەوتننامەو پەیمان و ڕێکەوتنێکی نێونەتەوەیی دا کە وڵاتە لایەنەکە پەیڕەوی دەکا.

بەندی ٢٤

وڵاتە لایەنەکان ڕازین بەوەی لەسەر ئاستی وڵات هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار بگرنە بەر بەمەبەستی گەیشتن بە بەدیهاتنی تەواوی ئەو مافانەی لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتوون.

بەندی ٢٥

١. ئەم ڕێکەوتننامەیە کراوەیە بۆ ئیمزا کردن لەلایەن هەموو وڵاتەکانەوە.

٢. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئەمینداری ئەم ڕێکەوتننامەیە دادەنرێ.

٣. ئەم ڕێکەوتنامەیە قابیلی پەسەندکردنە. داوای پەسەندکردن بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێ.

٤. هەموو وڵاتەکان دەتوانن ببنە ئەندامی ئەم ڕێکەوتننامەیە. بوونە ئەندام بەوە دەبێ داوای بوونە ئەندام بە سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بسپێردرێ.

بەندی ٢٦

١. هەموو کاتێ هەر وڵاتێکی لایەن بیەوێ دەتوانێ داوای پێداچوونەوەی ئەم ڕێکەوتننامەی بکات بە پێشکەش کردنی داوایەکی نووسراو بۆ بەردەمی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار لەسەر هەر هەنگاوێك دەدا، ئەگەر هەبێ، بۆ لەبەرچاوگرتنی داوای لەم جۆرە.

بەندی ٢٧

١. ئەم ڕێکەوتننامەی دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە لە ڕۆژی سیهەم (٣٠ هەم) دا پاش ئەوەی بیستەمین داوای پەسەندکردن یان بوونەئەندام دەسپێردرێ بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢. بەنیسبەت هەر وڵاتێکەوە کە پاش سپاردنی بیستەمین داوای پەسەندکردن یان بوونە ئەندام، داوای پەسەندکردن یان بوونە ئەندامی خۆی دەسپێرێ، ڕێکەوتننامەکە لە ڕۆژی سیهەمی پاش سپاردنی داوای پەسەندکردن یان بوونەئەندامی خۆیدا دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

بەندی ٢٨

١. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەقی (تحفظاتی) هەر وڵاتێك لەکاتی پەسەند کردن یان بوونە ئەندامدا، وەردەگرێ و بەسەر وڵاتە لایەنەکاندا بڵاوی دەکاتەوە.

٢. تحفظاتیك قبووڵ ناکرێ کە لەگەڵ ئامانج و بابەتی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا نەگونجێ.

٣. هەموو کاتێ کشانەوە لە هەر (تحفظاتیك) مومکینە بە ناردنی یاداشتێك بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەویش هەواڵەکە بە وڵاتەکان ڕادەگەیەنێ. ئەم یاداشتە لەو ڕۆژەوەی دەگاتە بەر دەست کاریگەر دەبێ.

بەندی ٢٩

١. ئەگەر هەر کێشەیەك لەنیوان دوو وڵاتی لایەن یان زیاتردا لەسەر لێکدانەوەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە وتووێژ چارە نەکرا، ئەوا هەر یەکێکیان دەتوانن داوای حوکم دان بکەن. ئەگەر تا شەش مانگ پاش داوای حوکم دان ئەو لایەنانە نەیان توانی لەسەر هەڵبژاردنی دەزگایەك بۆ حوکمدان ڕێك بکەون ئەوا هەر لایەکیان دەتوانێ داواکە بخاتە بەردەم دادگای دادی جیهانی لە داوایەکدا کە لەگەڵ پەیڕەوی دادگاکەدا بگونجێ.

٢. هەر وڵاتێکی لایەن دەتوانێ، لەکاتی ئیمزا یان پەسەند کردن یان بوونە ئەندامی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ، ئەوە ڕابگەیەنێ کە پەیرەوی برگەی یەکی ئەم بەندە ناکات. لەبەرامبەر ئەو وڵاتانەدا کە ئەم (تحفظە یان) نیشان داوە وڵاتە لایەنەکانی تریش ناتوانن کەڵك لەو برگەیە وەربگرن.

٣. هەر وڵاتێکی لایەن کە بە پێی برگەی ٢ی ئەم بەندە (تحفظیان) نیشان داوە دەتوانن هەر کاتێ بیانەوێ لەو تحفظە بکشێنەوە بە یاداشتێك بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەندی ٣٠

ئـەم ڕێکەوتننامەیـە کـە دەقـی عـەرەبی و چـینی و ئینگلیـزی و فەرەنسایی و ڕووسی و ئیـسپانیایی یەکـەی هـەموو بەیـەك ڕادە پــشتیان پــی دەبەســترێ، لای ســکرتێریی گــشتیی نەتــەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ.

*****

بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەوانەی لەخوارەوە ئیمزایان هاتووە و بەپێی پێویست سەرپشك کراون، هەستان بە ئیمزاکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە.

*****

تێبینیی وەرگێڕ: وەك دەقێکی یاسایی لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا ئەوپەڕی ئەمانەت بـەکاربراوە و هـەوڵ دراوە ناوەرۆك و چۆنێتیی دەربڕین و تەنانەت فۆرماتی دەقەکەش کتوکت وەك سەرچاوە ڕەسەنەکە بهێڵرێتەوە.

ئەم دەقە کوردییە یەکەمجار لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ دا لە ڕۆژنامەی "برایەتی"دا بڵاوکراوەتەوە

Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women
Kurdish translation by Dr Nasih Qeredaxi
nasihqeredaxi@yahoo.com
First published in Birayeti newspaper, December 1999